# شەونم

هۆنراوەی (21)

کنون کە می دمد از بوستان نسیم بهشت

شنەی بەیانی کە دێنێ لە باغی بۆنی بەهەشت
ئیتر من و مەی ومەعشووق و دەشت و سەحراوگەشت
گەدا حەقی هەیە ئەوڕۆکە لافی شا لێدا
کە چەتری سێبەری هەورە و هەواری باغە و دەشت
چەمەن لە بانەمەڕێ دا قسان دەکات و دەڵێ
چ عارفێکە نەدا قەرزی نۆ بە نەغدی هەشت
دڵ ئاوەدان کە بە مەی ئەو جیهانە دەبینی
بپێژی گڵتە بە خشت و بڕێژی خوێنتە بە تەشت
وەفا مەخوازە لە بێگانە چونکە شۆق نادا
لە خانەقا شەمی هەڵکەی بە مەشخەڵی زەرتەشت
بە هۆی ڕەوشتی خراپم نەچی بکەی لۆمەم
ئەمن خەتام نیە لەولاوە دێ کزەی بای وەشت
نەکەی موزایقە بۆ سەر جنازەکەی حافز
ئەگەرچی زۆرە گۆناهی بەڵام دەچێتە بەهەشت

**حافزی حەقیقی**